# تارماییی جەنگ: هەرێمی کوردستان-عێراق و هاوکێشە جیۆپۆلیتیکییە هەرێمایەتییەکان لە ٢٠٢٦

**لێکۆڵینەوە: د. پەرویز ڕەحیم قادر/** دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان- دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی

بەپێی ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٢٥ و بەردەوامیی گۆڕانکاری و ئاڵنگاری و قەیرانەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەوە، چاوەڕوان دەکرێت ساڵی ٢٠٢٦ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵێکی پڕ لە کێشە و گرفت و تەنانەت پێکدادان بێت[1]. لەم چوارچێوەیەیشدا هاوکێشە و ململانێی جیۆستراتیژی، جیۆئێکۆنۆمی و جیۆسیاسییەکان، پاڵنەر و هۆکاری گەورەی ئەو ئاڵنگارییانەن. بۆ نموونە تەنیا لە ڕووی جیۆسیاسییەوە؛ هێشتاکە پرسی تایوان لەنێوان چین و ئەمریکا، پرسی ئۆکراینا لەنێوان ڕووسیا و ئەورووپا-ناتۆ، پرسی مووشەکی، ئەتۆمی و ناوچەییی ئێران لەنێوان ئیسرائیل و ئەمریکا و ئێران، پرسی ڤەنزوێلا لەنێوان ئەمریکا و ڕووسیا و چین، تەنانەت وڵاتانی ناوچەکە چارەسەر نەکراوە و، هەروەها ناکۆکی و ڕکابەرییە ئایدیۆلۆژی، ئابووری و تەکنەلۆژییەکانیش ئەو ئاڵنگارییانە ئاڵۆزتر و توندتر دەکات.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە، ئەوەیە کە لە هەموو ئاڵنگاری و کێشەکاندا ئەمریکا بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕۆڵ و بەرژەوەندیی هەیە، چونکە ئەگەر بەڕاستەوخۆیش بەشدار نەبێت، ئەوە بەناڕاستەوخۆ ڕکابەر و نەیارە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆڵیان هەیە و بەهۆی سیاسەتی دەرەوەی تایبەتی دۆناڵد ترەمپ[2] بۆ پەیڕەوکردن یاخود زیندووکردنەوەی دۆکترینی مۆنرۆ[3] (Monroe Doctrine) و دوورەپەرێزی یاخود گرنگیدان بە نیوەگۆی ڕۆژاوای جیهان (Western Hemisphere Pivot) لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەییی ئەمریکا (NSS) لە ساڵی ٢٠٢٥ و، تیشکخستنە سەر ڕکابەرایەتی لەگەڵ چین [4] لە بڕی دوژمنایەتی و، هەروەها دوورکەوتنەوە لە دژایەتیی ڕووسیا بە کرۆکی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دادەنرێت. هەرچەندە ئەم بەڵگەنامەیە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ناکۆکە لەگەڵ ئەولەوییەت و مەترسییەکانی پێنتاگۆن لە دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی جەنگی ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠٢٥ کە مەترسییەکانی چین بەڕاستەوخۆ و بە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، بە شێوەیەکی بەرچاو بەرجەستە دەکاتەوە[5] و، هەر ئەمەیش دەربڕی جیاوازی و ناکۆکیی نێوان ترەمپ و ژەنەراڵەکانی ئەمریکایە.

بە شێوەیەکی گشتی، پەیڕەوکردنی "ئاشتی لە ڕێگەی هێزەوە" (Peace through force) لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا، هەروەها "پێسپاردن" (Outsourcing)ی ئەرکەکانی ئەمریکا وەکوو هێزێکی "هەژموون" (Hegemony) بە وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هێزە ڕکابەرەکان، بەتایبەتی چین و ڕووسیا؛ کۆڵەکەی سەرەکیی "ستراتیژیی

ئەمنی” (Security Strategy)ی ئەمریکا دەبن لە ساڵانی داهاتوو.

هەموو ئەمانەیش هاوکێشە جیۆسیاسییەکانی بە ئاست و ڕێژەیەک گۆڕیوە کە لە ئێستادا نیگەرانی لەلای ئەوروپییەکان و تەنانەت ئیسرائیل لەهەمبەر ئەمریکا، زۆر زیاترە لە نیگەرانییەکانی ڕووسیا لەهەمبەر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ. لەم نێوەندەیشدا کورد وەکوو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی، بەتایبەتی لە سووریا و عێراق، ڕووبەڕووی هەڕەشە و دەرفەتی نوێ دەبێتەوە. لێرەدا هێزەکان هەوڵ دەدەن کە دەوڵەتان و ئەکتەرە نادەوڵەتە نەیارەکان بێکاریگەری یاخود نا-کاریگەر بکەن و تەنانەت ئەکتەر و وڵاتانی لاواز وەکوو زۆنی خۆڵەمێشی و هێزی پرۆکسی بەکار بهێنن.

لێرەدا بەپێی لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی ستراتیژیست و ئەکادیمی و، هەروەها شرۆڤەی ناوەندەکانی هزری-ستراتیژی، گرنگترین هاوکێشە جیۆسیاسییەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و سەروو‌هەرێمایەتی بەم شێوەیە پۆلین دەکەین:

**ڤەنزوێلا؛ گۆڕەپانێکی نوێ بۆ جەنگی بەنوێنەرایەتیی هێزە جیهانییەکان**

لە سەرەتای مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٥ەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی کردووە بە جێگیرکردنی ئامادەیییەکی سەربازیی بەرفراوان، چڕ و بێپێشینە لە ناوچەی ستراتیژیی کاراییبیدا، کە ئەم جووڵە گەورە و هەستیارە لە ڕێگەی ناردنی کەشتیی فڕۆکەهەڵگری USS Gerald R. Ford و جێگیرکردنی نەوەی پێنجەمی فڕۆکە جەنگییەکانی جۆری F-35 لە بنکە سەربازییەکانی پۆرتۆڕیکۆ، گەیشتووەتە بەرزترین لووتکەی خۆی.

هاوکات لەگەڵ ئەم جووڵانەدا، واشنتۆن دەستی کردووە بە چڕکردنەوەی هەموو جۆرە چاودێرییە دەریاییەکان و سەپاندنی ئابڵووقەیەکی توند بەسەر تانکەرە نەوتییەکانی ڤەنزوێلادا، کە وەک بەشێکی بنەڕەتی و سەرەکی لەم گوشارە هەمەلایەنەیە دەردەکەون. ئەگەرچی ئامانجی سەرەتایی و فەرمیی ئەم هەنگاوانە لەلایەن ئەمریکاوە وەک “بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیی ماددە هۆشبەرەکان” (Counter-Narcotics Operations) ڕاگەیەنراوە، بەڵام قەبارە و جۆری ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی کە ئەنجام دەدرێت، ڕەهەندێکی زۆر گەورەتر و قووڵتری هەیە و ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ بوونی هەڕەشەیەکی ستراتیژیی ڕاستەقینە لەسەر پرسی مانەوەی حکوومەتی مادۆرۆ لە دەسەڵاتدا[6].

لە بەرامبەر ئەم پێشهاتانەدا، سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی گرنگدا لەگەڵ هاوتا ڤەنزوێلییەکەی، “نیگەرانییەکی زۆر قووڵ”ی وڵاتەکەی بەرامبەر پەرەسەندنی جووڵە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی دەریای کاراییبی دەربڕی و بەتوندی جەختی لەسەر “هاوپشتیی هەمەلایەنە”ی مۆسکۆ بۆ کاراکاس کردەوە؛ ئەم هەڵوێستە دیپلۆماسییە توندە، ڕێک لە کاتێکدایە کە تەواوی ناوچەکە بەهۆی کردەی دەستبەسەرداگرتنی تانکەرە نەوتییەکانی ڤەنزوێلاوە لەلایەن ئەمریکاوە، لەسەر لێواری تەقینەوەیەکی سەربازیی مەترسیداردایە.

ڕووسیا جارێکی تر پێداگری لەسەر پشتیوانیکردنی هەمیشەییی خۆی بۆ حکوومەت و گەلی ڤەنزوێلا کردەوە؛ کە ئەمەیش ئاماژەیەکی ڕوون و ڕاشکاوە بۆ ستراتیژیی مۆسکۆ بە مەبەستی مانەوە لە ئەمریکای لاتین و دروستکردنی سنوورێکی جددی بۆ هەژموونی واشنتۆن لەو ناوچەیەدا. مۆسکۆ پێشتریش لە ڕێگەی

ناردنی ڕاوێژکاره سەربازییەکان، کەرەستە جەنگییە پێشکەوتووەکان و دابینکردنی هاوکاریی داراییی گەورەوە، هەموو هەوڵێکی خۆی خستووەتە گەڕ تاوەکوو پێگە و شەرعییەتی دیپلۆماسیی حکوومەتەکەی مادۆڕۆ لە بەرامبەر گوشارە نێودەوڵەتییەکاندا بەپارێزراوی بهێڵێتەوە.

ئەم جۆره دەستێوەردانە ستراتیژییانەی ڕووسیا، ئەو ئەگەرەی هێناوەتە کایەوە کە قەیرانی ڤەنزوێلا بەرەو جەنگێکی بەوەکالەت (Proxy War)ی گەورە هەنگاو بنێت؛ دیمەنێکی تراژیدی کە تەواوی بیرەوەرییەکانی سەردەمی جەنگی سارد لە کیشوەری ئەمریکای لاتیندا زیندوو دەکاتەوە. هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ڕووسیا لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاستی هەماهەنگییە سەربازی و هەواڵگرییەکانی خۆی بۆ ئاستێکی زۆر باڵاتر بەرز بکاتەوە، کە ئەمەیش ڕەنگە کردنەوەی دەرگەی بەندەرە ستراتیژییەکان بەڕووی کەشتییە جەنگییە قورسەکانی ڕووسیادا بگرێتەوە. ئەم هەنگاوە، تەواوی هاوکێشە ئاسایشی و سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەخاتە ناو تەمومژێکی ئاڵۆزتر و مەترسیدارترەوە[7].

لە ڕوانگەیەکی ستراتیژیی زۆر قووڵترەوە، پێشهاتە خێراکانی ڤەنزوێلا تەنیا ململانێیەکی سیاسیی دووقۆڵی و سادەی نێوان واشنتۆن و کاراکاس نین، بەڵکوو ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیی زۆر فراوانیان هەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ململانێ گەورەکانی ئەمریکا بەرامبەر هەردوو جەمسەری چین و ڕووسیا یەک دەگرنەوە. ئەم دۆخە مەترسیدارەیش ڕاستەوخۆ گرێدراوی دۆسیەی "ئاسایشی وزە" (Energy Security)ی و ئەو ستراتیژییەیە کە بە "ئەوپەڕی گوشار" (Maximum Pressure) دەناسرێت و ئەمریکا بەتوندی دژی ئێران پەیڕەوی دەکات، بە ئامانجی پەکخستنی تەواوی چالاکییەکانی "بەرەی بەرخۆدان" (بەرەی موقاوەمە) لە دەرەوەی سنووره جوگرافییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەم پێیەیش، هەر هەوڵێکی جددی بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی مادۆڕۆ، تەنیا وەک وەرچەرخانێکی سیاسی لە ئەمریکای لاتیندا نابینرێت، بەڵکوو وەک گورزێکی کوشندە بۆ سەر یەکێک لە گرنگترین بنکەکانی پشتیوانیی لۆجستی، دارایی و سیاسیی ئێران و حزبوڵڵا و هەموو ئەو گرووپە هاوپەیمانانەی تاران هەژمار دەکرێت، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پچڕانی زنجیره بەیەکەوەبەستراوەکانی ئەو بەرە هەرێمییە لە ئاستێکی جیهانیدا.

### مەترسیی لێکترازانی هاوپەیمانیی ئەتڵەسی (Transatlantic Relations)

کیشوەری ئەوروپا لە ساتەوەختی ئێستادا لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی و چارەنووسسازدایە و بە شێوەیەکی خێرا لەناو پرۆسەی "داڕشتنەوەی سەربەخۆیی ستراتیژی" (Strategic Autonomy Redefinition) و "خۆئامادەکردن بۆ سەردەمی پاش ـ ئەمریکا" (Post-America Preparation)دا تێ دەپەڕێت. ئەم وەرچەرخانە وەک کاردانەوەیەکی لۆژیکی و حەتمی بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی کە لە دۆکترینی سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆندا سەریان هەڵداوە، دەبینرێت؛ بەتایبەت ئەو لێدوان و ئاماژانەی کە باس لە ئەگەری پاشەکشێی پابەندییەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی "پەیمانی ناتۆ" (NATO Alliance) دەکەن.

ئەم واقعە نوێیە، پایتەختە ئەورووپییەکانی ناچار کردووە کە چیتر تەنیا وەک بەکاربەرێکی ئەمنی نەمێننەوە، بەڵکوو لە دەرەوەی چەتری پاراستنی نەریتیی ئەمریکا، کار بۆ بونیادنانی "پێکهاتەی ئەمنیی نەتەوەیی"(National Security Architecture) ی سەربەخۆ و تۆکمە بکەن، چونکە کیشوەرەکە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە ستراتیژییەی کە، چیتر ناتوانێت بۆ هەتاهەتایە بۆ پاراستنی سەقامگیریی وڵاتانی

ئەندام، تەنیا پشت بە "چەترە ئەمنییەکەی ئەمریکا" (U.S. Security Umbrella) ببەستێت.

تەوەرە جەوهەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییە گشتگیرە لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا چڕ دەبنەوە: یەکەم، هەمەجۆرکردنی هاوبەشییەکان (Diversification of Partnerships) کە تێیدا ئەوروپا هەوڵە دیپلۆماسی و ئابوورییەکانی چڕ کردووەتەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی قووڵتر لەگەڵ هێزە ناوەندییەکانی وەک هیندستان، ژاپۆن و کۆریای باشوور، تاوەکوو لە ڕێگەی ئەم هاوسەنگییە نوێیەوە لە "پشتبەستنی یەکلایەنە" (Unilateral Dependency) بە بڕیارەکانی واشنتۆن ڕزگاری بێت. دووەم، بونیادنانی پیشەسازیی بەرگریی ناوخۆیی (Domestic Defense Industry Building) کە جەختکردنەوەیەکی زانستییە لەسەر بەهێزکردنی توانای کارگە ئەوروپییەکان بۆ بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی، تاوەکوو لە کاتی سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکی کتوپڕدا دووچاری "بۆشاییی دابینکردن" (Supply Vacuum) نەبن و، بتوانن پێداویستییە سەربازییەکانیان بەسەربەخۆیی دابین بکەن. سێیەم، سەرهەڵدانی جەمسەرێکی نوێ (Emergence of a New Pole) کە ئامانج لێی دەرکەوتنی یەکێتیی ئەوروپایە وەک ئەکتەرێکی "سەربەخۆی جیۆپۆلیتیکی" (Geopolitical Actor) کە توانای ئەوەی هەبێت لەناو ململانێی جەمسەربەندییەکانی نێوان ئەمریکا و چیندا، بەرژەوەندییە نەتەوەیی و مرۆییەکانی خۆی بپارێزێت. ئەمە قۆناغێکی نوێیە کە تێیدا ئەوروپا دەیەوێت "خۆبەڕێوەبەریی ستراتیژی" (Strategic Self Governance)ی خۆی بسەلمێنێت و ڕای بگەیەنێت کە چیتر تەنیا پاشکۆی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا نییە[8].

لە لایەکی دیکەوە و لە ڕووی دیپلۆماسییەوە، ئۆرسۆلا ڤۆن دێر لاین (Ursula von der Leyen) سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا و ئەنتۆنیۆ کۆستا (Antonio Costa ) سەرۆکی ئەنجومەنی ئەوروپا، لە ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشدا (Joint Statement) ستراتیژیی نوێی یەکێتییەکەیان سەبارەت بە پرسی ئاسایشی جەمسەری باکوور (Arctic) خستە ڕوو و وەک ئەولەوییەتێکی باڵای بڕۆکسل پۆلێنیان کرد. لەم بەڵگەنامە فەرمییەدا، بەتوندی جەخت لە "هاوپەیمانیی پتەوی" یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ دانیمارک و گەلی گرینلاند کراوەتەوە و بەڕاشکاوی ئاماژە بەوە دراوە کە پاراستنی یەکپارچەییی خاک (Territorial Integrity) و سەروەریی نیشتمانی (Sovereignty) "کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکانن" (Fundamental Principles of International Law) و بە هیچ جۆرێک نابێت دەستکاری بکرێن یان بکرێنە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسییەکان.

ئەم هەڵوێستە توند و بڕیارلێدراوەی ئەوروپا، ڕێک دوای ئەوە دێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نوێنەرێکی تایبەتی بۆ "گرینلاند" دەستنیشان کرد؛ هەنگاوێک کە لە ناوەندە سیاسی و هەواڵگرییەکاندا وەک ئاماژەیەکی ڕوون بۆ پەرەپێدانی تەماحە هەرێمییەکان(Territorial Ambitions) ی واشنتۆن لە ناوچەی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی جەمسەری باکوور لێک درایەوە. ئەگەر واشنتۆن بەردەوام بێت لەم ڕوانگەیەی کە هەڵوێستەکەی ئەوروپا وەک بەربەست لەبەردەم ستراتیژییەکانی – بەتایبەت لە ململانێی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکان و پاراستنی ئاسایش – دەبینێت، ئەوا پێشبینی دەکرێت گرژیی قووڵ و بێپێشینە بکەوێتە ناو پەیوەندییەکانی هەردوو دیوی زەریای ئەتڵەسی.

ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە، تاقیکردنەوەیەکی سەختی مێژووییە بۆ توانای بلۆکەکە (The Block) لە پێناو داڕشتنی سیاسەتێکی دەرەوەی یەکگرتوو (Unified Foreign Policy) بەرامبەر بە پرسە هەستیارەکانی

جیۆپۆلیتیک، سەرەڕای بوونی جیاوازیی ناوخۆیی (Internal Divergences) لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا[9].

**ستراتیژیی "هاوتەریبیی تەواو": نەخشەی نوێی پەیوەندییەکانی واشنتۆن و ئۆرشەلیم**

جیاوازیی نێوان تەلئەبیب و واشنتۆن لە تێڕوانینیان بۆ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ڕاستیدا تەنیا ناکۆکییەکی سیاسی نییە، بەڵکوو ململانێیەکی زۆر قووڵ و ڕیشەییە لەسەر پرسی "جیاوازیی خشتە زەمەنییە ستراتیژییەکان" (Different Strategic Timelines) کە تێیدا دەوڵەتی ئیسرائیل پەرەسەندنی بەردەوامی توانای ئەتۆمیی تاران وەک مەترسییەکی "بوونی" (Existential)ی هەنووکەیی دەبینێت و، پێی وایە کاتژمێرە جیۆپۆلیتیکییەکە بەخێراییەکی مەترسیدار بەرەو خاڵی بێگەڕانەوە و گەیشتنی ئێران بە "ناوچەی پارێزراو" یاخود بەرەو "قۆناغی پارێزبەندی" (Zone of Immunity) هەنگاو دەنێت.

ئەم تێڕوانینەی ئیسرائیلییەکان لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە کە گەیشتنی ئێران بە زانیارییە وردە تەکنیکییەکانی پەیوەست بە دروستکردنی چەکی کۆکوژ، هەر جۆرە لێدانێکی سەربازیی داهاتوو بۆ سەر دامەزراوەکانیان بێبایەخ و بێکاریگەر دەکات، چونکە لە ڕوانگەی ئاسایشییەوە ئەستەمە "زانستی ئەتۆمی" لە ڕێگەی بۆردوومانەوە لەناو ببردرێت، کاتێک لە مێشک و تاقیگە نهێنییەکاندا جێگیر بوو.

لە بەرامبەردا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕوانگە و ستراتیژییەکی جیهانیی بەرفراوانترەوە سەیری بارودۆخەکە دەکات و پرسی ئەتۆمیی ئێران وەک ئاڵنگارییەکی جیۆپۆلیتیکی لە چوارچێوەی "بەڕێوەبردنی قەیرانەکان"دا دەبینێت؛ بۆیە واشنتۆن هێڵی سووری خۆی تەنیا لەسەر پرسی "لەچەکداماڵین"(Weaponization) چڕ کردووەتەوە.

ئەم لێکترازانە لە دیدگەدا، دەرفەتێکی زێڕین بۆ تاران دەخوڵقێنێت (بە پاساوی دیپلۆماسی) تا لە نێوان ئەم دوو ڕوانگە جیاوازەدا یاری بکات و بەرەو ئامانجە ستراتیژی و نهێنییەکانی هەنگاو بنێت، کە ئەم دژبەرییەیش لێکترازانێکی قووڵی لە متمانەی نێوان هەردوو هاوپەیمانە مێژووییەکەدا دروست کردووە و، ئەگەری پەنابردنی ئیسرائیل بۆ "ئۆپەراسیۆنی تاکلایەنە" و ناچارکردنی ئەمریکا بۆ قبووڵکردنی "ئەمری واقع" یان "کاری ئەنجامدراو"(Fait Accompli) کە مەبەست لێی هێرشێکی کتوپڕ و وێرانکەرە بۆ سەر ئێران، زیاتر دەکات.[10]

هەر بۆیە لە ئێستادا ئیسرائیل بە شێوەیەکی زۆر توند و بەجددییەتی تەواوەوە لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمریکا کار دەکات بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش کە پێی دەوترێت "هاوتەریبیی ستراتیژیی تەواو" (Full Strategic Alignment) بە جۆرێک کە واشنتۆن چیتر تەنیا وەک "ناوبژیوان" (Mediator) لە نێوان بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و نەیارە هەرێمییەکانیدا ڕەفتار نەکات. ئامانجی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئەمریکا بەتەواوی، دیدگە و ستراتیژییەکانی ئیسرائیل بگرێتە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کارکردن بۆ نەهێشتنی یەکجارەکیی هەڕەشە مووشەکی، هەرێمایەتی و ئەتۆمییەکان. ئەمە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی دەبێت لە سیاسەتی "کۆنترۆڵکردنی ململانێ"وە بەرەو سیاسەتی "یەکلاکەرەوەی ستراتیژی" (Strategic Decisiveness) کە تێیدا ئیسرائیل ئازادیی ڕەهای هەبێت بۆ پاراستن و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆی بەو شێوەیەی کە بە گونجاوی دەبینێت.

لـەم هـاوکێشە ئـاڵۆزەدا، “ڕێککەوتنەکـانی ئیـبراهیم” (Abraham Accords) وەک بـەردی بنـاغەی ئـەم هاوپەیمـانییە نـوێیە دەبینرێن، کە مەبەسـت لێی تەنیا فراوانکردنی بازنەی ئەم ڕێککەوتنانە نییە، بەڵکوو گۆڕینیـانە بـۆ “بونیـادێکی ئەمنیی هەرێمی” (Regional Security Architecture)ی تۆکمـە کـە تێیـدا ئەمریکـا و هاوپەیمـانە ناوچەییەکـان وەک یـەک بـەرەی یەکگرتـوو کـار بکـەن بـۆ پڕکردنـەوەی هـەر “بۆشـاییەکی هێـز” (Power Vacuum) کـە ئێـران یـان میلیشیاکـانی بیـانەوێت بـۆ تێکـدانی ئـاشتی و سەقامگیری بیقۆزنەوە.

لە ڕووی سەربازی و تەکنەلۆژییەوە، ئیسرائیل پێداگری دەکات بۆ بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکانی و خێرایی وەڵامدانەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی ئیسرائیل. گرنگتریـن و دیـارترین نمـوونەی ئـەم هاوکـارییە سـتراتیژییە لەگـەڵ ئەمریکـا، پەرەپێـدانی سیسـتەماتیکی سیسـتەمی “Iron Beam”ە؛ ئـەم تەکنەلۆژیـا لەیزەرییـە هـاوکێشەی دارایـی و مرۆیـی جەنـگ بەتـەواوی دەگۆڕێـت، چـونکە “تێچـووی ئۆپەراسیۆنیی بەرپەرچدانەوە” (Operational Interception Cost) بۆ هەر مووشەکێک تەنیا دەگاتە ٢ دۆلار، کە ئەمە لە زانستی سەربازیدا نەک تەنیا وەک باڵادەستییەکی تەکنیکی، بەڵکوو وەک “باڵادەستیی چۆنایەتی”(Qualitative Edge) ی ڕەها سەیر دەکرێت[11].

ئەم پێشکەوتنە وا دەکات تێچووی بەرگری بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بێتەوە و، لە ئەنجامدا تەواوی هەڕەشە و کۆگە مووشەکییەکانی ئێران، کە ملیاران دۆلاریان تێدا خەرج کراوە، بایەخ و کاریگەرییە ستراتیژییەکانیان لەدەست بدەن و دەبنە کەرەستەی ناکاریگەر لە مەیدانی جەنگدا.

**لە جەنگی سێبەرەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کراوە**

بەپێی زانیارییە هەواڵگری و سەربازییەکان، دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئێستادا لە بەرزترین لووتکەی ئامادەباشی و ئامادەکارییە لۆجستییەکاندایە بۆ گۆڕینی بنەڕەتیی هاوکێشەی ململانێ لەگەڵ تاران. ئەم وەرچەرخانە درامـاتیکییە لـە “جەنگی سـێبەر” و ئۆپەراسـیۆنە هەواڵگرییـە نهێنییەکـانەوە بـەرەو “ڕووبەڕووبـوونەوەی ڕاستەوخۆ و فیزیکی” (Direct Physical Confrontation) وەک تاقە وەڵامی ستراتیژیی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی خێرای پڕۆژەی ئەتۆمی و هەژموونی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبینرێت.

ناوەنـدە بڕیاربەدەسـتەکانی تەلئەبیـب گەیشتـوونەتە ئـەو قەنـاعەتە سـتراتیژییەی کـە لێـدانی “بریکـارە هەرێمییەکـان” (Regional Proxies) لـە گۆڕەپانەکـانی لوبنـان و سووریـا، چیتـر نـاتوانێت ئاسـایشی نەتەوەیی ئیسرائیل بە شێوەیەکی بەردەوام مسۆگەر بکات، بەڵکوو بۆ پەکخستنی مەترسییەکان، دەبێت “سەرچاوەی بڕیاری سیاسی و سەربازی” لەناو جەرگەی خاکی ئێراندا ڕاستەوخۆ بکرێتە ئامانج[12].

ڕاستییەکەی، ململانێی نێوان ئێران و ئیسرائیل تەنیا کێبڕکێیەکی سیاسیی ڕووت و کاتی نییە، بەڵکوو یەکێکە لە ئاڵۆزترین ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکانی سەردەم کە تێیدا ئایدیۆلۆژیای ڕادیکاڵ، مەترسییە ئەمنییە جەوهەرییەکان و ململانێی هەژموونخوازیی هەرێمایەتی (Regional Power Struggles) بە شێوەیەکی ورد ئاوێتەی یەکتری بوون. شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران هاوکێشە ئەمنی و سیاسییەکانی لەسەر ئاستی ناوچەکە بەتەواوی گۆڕی و، دوژمنایەتیی ئیسرائیلی وەک کۆڵەکەیەکی فەرمی لە ناسنامەی سیاسیی ئێراندا

جێگیر کرد؛ لە بەرامبەریشدا ئیسرائیل ئەم گۆڕانکارییەی وەک "هەڕەشەیەکی بوونی" (Existential Threat) ناساند.

لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، ململانێکە زۆرتر لە ڕێگەی "جەنگی ناڕاستەوخۆ" یان "جەنگی بریکارەکانەوە" (Proxy Conflicts) گوزارشت لە خۆی دەکات؛ کە تێیدا ئێران لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی گرووپە چەکدارەکان لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لە لوبنان و سووریا، هەوڵی فراوانکردنی "سنووری پاراستنی پێشوەختە"ی خۆی دەدات؛ لە بەرامبەریشدا ئیسرائیل لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی و چالاکیی سەربازیی وردەوە هەوڵی وشککردنی ئەو ژێرخانە لۆجستییانە دەدات تا ڕێگری لە نزیکبوونەوەی هەڕەشەکان بۆ سەر سنوورەکانی بکات.

ئەم ململانێیە تەنیا لە سنوورە فیزیکییەکاندا نەمایەوە، بەڵکوو دۆسیەی پەرەسەندنی توانا ئەتۆمییەکان و سەرهەڵدانی "جەنگی سایبەری"(Cyber Warfare) وەک دوو کۆڵەکەی تری ئەم کێبڕکێیە دەرکەوتن؛ جەنگێکی بێدەنگ لە فەزای دیجیتاڵیدا کە تێیدا هەردوو لایەن هەوڵی پەکخستنی سیستەمە ژیانییەکانی یەکتر دەدەن بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بچنە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیی گشتگیرەوە.

ئەم ململانێیەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی وزە و ڕێڕەوە بازرگانییەکانی جیهان هەیە، بەهۆی بێمتمانەیی لە نێوان هەردوو لایەندا، هێشتا هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چارەسەرکردنی بەدی ناکرێت و، هەردوو دەوڵەت لە کاتێکدا دەیانەوێت خۆیان لە جەنگێکی گشتگیر وماڵوێرانکەر بدزنەوە، بەڵام بەردەوام بۆ خراپترین ئەگەرەکانی داهاتوویش خۆیان ئامادە دەکەن[13].

لە لایەکی دیکەیشەوە، ستراتیژیی دەریاییی ئێران کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر باڵادەستی لە ناوچەی کەنداو و گەرووی هورمز چڕ بووەتەوە، لە ئێستادا بەهۆی کۆنیی کەرستە دەرياييیەکان و سستبوونی تۆڕە بریکارەکان، ڕووبەڕووی بەربەستی جددی بووەتەوە بۆ گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست. بەڵام لە بەرامبەردا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم قۆناغێکی نوێی "جیۆ-ئەتۆمی"دایە کە تێیدا ئیسرائیل خەریکی چەسپاندنی باڵادەستییەکی بێوێنەیە لە دەریادا.

جەوهەری ئەم وەرچەرخانە لەوەدایە کە ئیسرائیل چیتر تەنیا پشت بە "لێدانی یەکەم" نابەستێت، بەڵکوو لە ڕێگەی ژێردەریاییە پێشکەوتووەکانی جۆری Dolphin-II و بەتایبەت ژێردەریاییی نوێی INS Drakon توانای "لێدانی دووەم" (Second-Strike Capability) بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز دەکات. ئەم ژێردەریاییانە کە بە سیستەمی "پاڵنەری سەربەخۆ لە هەوا" (AIP) کار دەکەن، دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر لە قووڵاییی دەریاکاندا بمێننەوە، بێ ئەوەی هەستیان پێ بکرێت. ئەمەیش دڵنیایی دەداتە ئیسرائیل کە تەنانەت ئەگەر خاکەکەیشی ڕووبەڕووی هێرشی ئەتۆمی ببێتەوە، توانای وەڵامدانەوەی وێرانکەری لە دەریاوە دەمێنێت.

کێڵگە گازییەکانی "لێڤایاسان"، "تامار" و "کاریش"، ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستیان بۆ چەقێکی ستراتیژیی بەرژەوەندییەکانی وزە گۆڕیوە و، ئیسرائیل بە پشتبەستن بەم باڵادەستییە دەریاییە، ئەم ژێرخانە هەستیارانە دەپارێزێت.بەکارهێنانی مووشەکی کرووزی ئەتۆمی لەژێردەریاییەکانەوە، وەک پەیامێکی سیاسیی قورس کار دەکات؛ پەیامێک کە دەڵێت بەرپەرچدانەوەی ئیسرائیل چیتر لە سنوورە

جوگرافییەکانیدا قەتیس نییە. لە ڕەهەندە مرۆیی و جیهانییەکەیدا، ئەم چەکدارکردنەی دەریا بە توانای ئەتۆمی، مەودای هەڵە و لێکدانەوەی چەوت کەم دەکاتەوە و ئاسایشی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان دەخاتە ناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزترەوە[14].

خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە، ئیسرائیل لە ئێستادا لە ناوەڕاستی "وەرچەرخانێکی دۆکترینی"(Doctrinal Shift) ی گەورەدایە کە تێیدا چیتر تەنیا پشت بە قەڵغانە تەکنەلۆژییەکانی ناوخۆ نابەستێت، بەڵکوو خەریکی بونیادنانی "قووڵاییەکی جیۆپۆلیتیکیی پارێزراو"(Secure Geopolitical Depth) ە لە دەرەوەی سنوورەکانی. ئەم جووڵانەوەیە وەک وەڵامێکی ورد بۆ هەژموونی تورکیا دەردەکەوێت، کە لە ڕێگەی پەرەپێدانی پیشەسازیی بەرگریی ناوخۆیی و فراوانخوازیی دەریاییەوە، هەوڵی گۆڕینی "نەخشەی نفووز"(Map of Influence) لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا دەدات.

ئیسرائیل بەوریاییەکی زۆرەوە چاودێریی پەرەپێدانی درۆنە پێشکەوتووەکانی تورکیا و سیستەمە دەریاییەکانی دەکات، چونکە ئەم توانایە دەتوانێت لە کاتی هەر گرژییەکدا ڕێڕەوەکانی وزە و گەیاندنی ئیسرائیل پەک بخات.

لەم چوارچێوەیەدا، هاوپەیمانیی ستراتیژیی نێوان ئیسرائیل و یۆنان لە ئاستێکی دیپلۆماسیی ئاساییەوە، گۆڕاوە بۆ قۆناغی "یەکگرتنی ئۆپەراسیۆنی" (Operational Integration). ئەم وەرچەرخانە بەڕوونی لەو مەشقە ئاسمانییە چڕ و بەرفراوانانەدا دەردەکەوێت کە تێیدا فڕۆکە جەنگییەکانی جۆری F-35 وF-15 ی سەر بە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل، لەناو سنووری ئاسمانیی یۆناندا مەشقێکی ستراتیژی بۆ تێکشکاندنی "تۆڕە بەرگرییە چڕەکان" (Saturated Defense Networks) ئەنجام دەدەن.

ئەم مەشقانە ئامانجیان چەسپاندنی توانای "هێرشی پێشوەختە"(Preemptive Strike) و دڵنیابوونەوەی ڕەهایە لە پاراستنی "باڵادەستیی ئاسمانی"(Aerial Superiority) لە بەرامبەر هەر سیستەمێکی ڕاداری و مووشەکیی پێشکەوتوو (وەک S-400 یان نەوە نوێیەکان) کە ئەنقەرە یان هەر نەیارێکی تری ناوچەیی دژی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بەکاری بهێنن.

یۆنان لەم هاوکێشەیەدا نەک تەنیا وەک هاوپەیمانێکی سیاسی، بەڵکوو وەک "تەختەی بازدانێکی ستراتیژی" (Strategic Springboard) ڕۆڵ دەبینێت؛ ئەمەیش ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات لە مەودا و دوورییەکی زۆرەوە و لە دەرەوەی چاودێریی ڕاستەوخۆی نەیارەکانی، توانای مانۆڕ و هێزی خۆی تاقی بکاتەوە و پەرەی پێ بدات.

لە ڕەهەندە تەکنیکی و سەربازییەکەیدا، ئیسرائیل بە شێوەیەکی ورد، کار دەکات بۆ جێگیرکردنی "بەرگریی تیشکی" (Directed-Energy Defense) لە ڕێگەی سیستەمی لەیزەریی "Iron Beam"ەوە، کە ئامانجی سەرەکی لێی، گۆڕینی بنەڕەتیی هاوکێشەی داراییی جەنگ و کەمکردنەوەی "تێچووی ئۆپەراسیۆنیی بەرپەرچدانەوە"(Operational Interception Cost) یە بۆ نزمترین ئاستی مێژوویی. ئەم تەکنەلۆژیا شۆڕشگێڕە، پێکەوە لەگەڵ "تۆڕێکی هەواڵگریی یەکگرتوو" (Integrated Intelligence Grid) لە دەریای ناوەڕاستدا، بەکار دێت بۆ چاودێریکردنی وردی جووڵەی کەشتیگەل و ژێردەریاکانی دوژمنانی ئیسرائیل.

ئامــانجی ئــەم ئەنــدازیارییە ئەمنییــە، دروســتکردنی "هاوســەنگیی بەرپەرچــدانەوە" (Deterrence Equilibrium) یە کە تێیدا هێزە هەرێمایەتییەکانی وەک تورکیا لەوە تێ بگەن کە هەر جووڵەیەکی یەکلایەنە بە مەبەستی تێکدانی نەخشەی وزە یان ئاسایشی ناوچەکە، ڕووبەڕووی بەرەیەکی یەکگرتووی ئیسرائیلی–یۆنانی دەبێتەوە. ئەمە وەرچەرخانێکی ستراتیژییە لە "بەرگریی ناوخۆیی"یەوە بەرەو "هەژموونی هەرێمـایەتیی هـاوبەش"، تـاوەکوو هیـچ "بۆشـاییەکی هێـز" نەمێنێتـەوە کـە تـاران یـان ئەنقـەرە بتـوانن بـۆ بەرژەوەندیی جیۆپۆلیتیکیی خۆیان بەکاری بهێنن.[15]

لــە ڕوانگەیەکــی جیۆپۆلیتیکیــی قــووڵترەوە، نــاوچەکە بــەرەو قۆنــاغێکی نــوێ لــە "ژیانــدنەوەی توانــای بەرپەرچـدانەوە" (Deterrence Reconstitution) هەنگـاو دەنێـت. کرۆکـی پێشهاتەکـان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران، سـەرەڕای ئـەو گـورزە کـاریگەر و وێرانکەرانـەی بـەر ژێرخـانە بەرگرییەکانی کەوتووە، ئێستا بەچڕی و بەپەلە خەریکی پرۆسەی "بونیادنانەوەی کۆگە مووشەکییەکانیەتی" (Missile Reconstitution)؛ ئـەم پرۆسـەیە تەنیـا قەرەبـووکردنەوەی چەکـی لەدەسـتچوو نییـە، بەڵکـوو هەوڵێکی سیستەماتیک و ستراتیژییە بۆ گێڕانەوەی ئەو هاوسەنگییە سەربازییەی کە لە ئەنجامی هێرشەکانی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥ درزی تێ کەوتبوو.

ئیسرائیل ئەم هەوڵە پەلەپەلانەی تاران وەک "هەڕەشەیەکی هەنووکەیی و ستراتیژی" پۆلێن دەکات و بە هیچ جۆرێک نایەوێت ڕێگە بدات نەیارە مێژووییەکەی، بگاتەوە بەو ئاستە لە توانای سەربازی کە پێشتر وەک هێزی هێرشبەری کاریگەر هەیبوو[16].

لەم هاوکێشە ئاڵۆز و هەستیارەدا، مەترسیی "هەڵکشانی ململانێ" (Conflict Escalation) بە شێوەیەکی دراماتیکی سەر هەڵدەدات؛ چونکە ئیسرائیل لەبەردەم گوشارێکی کاتیی تونددایە بۆ ئەنجامدانی "هێرشی پێشوەختە" (Preemptive Strike) پێش ئەوەی تاران بتوانێت سیستەمە بەرگرییە ئاسمانییەکانی (وەک S-300 یان سیستەمە چینی و خۆماڵییەکان) و توانای هێرشبەریی مووشەکیی خۆی بەتەواوی نۆژەن بکــاتەوە. ئــەم دۆخــە ســنووری مــانۆڕی دیپلۆماســیی بەتــەواوی کــەم کردووەتــەوە و ئەگــەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی بردووەتە بەرزترین ئاستی خۆی.

ئەوەی ڕاستی بێت، ناوچەکە لەبەردەم "پارادۆکسی ئەمنی" (Security Paradox)دایە؛ کە تێیدا هەر هەنگاوێکی ئێران بۆ بونیادنانەوەی هێزە پرۆکسی و مووشەکی و تەنانەت بەرگرییەکانی، لەلایەن ئیسرائیلەوە وەک زەنگێکی مەترسی بۆ جەنگێکی نوێ دەبینرێت[17]. ئەمەیش وا دەکات هەر قەیران و پێکدادانێکی نوێ لەگەڵ حەماس و حزبوڵڵای لوبنان یاخود حەشدی شەعبی و حووسییەکان، سەر بکێشێت بۆ جەنگ لەگەڵ ئێران و ئەم جارە بەپێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە.

**لوبنان و سووریا لە چەقی پێکدادانەکانی ئێران و ئیسرائیل**

لە ساڵی ٢٠٢٥دا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەستیارترین و مەترسیدارترین قۆناغی مێژوویی خۆیدا بووە لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩وە. تاران لە ئێستادا ڕووبەڕووی "واقعێکی نوێی جیۆپۆلیتیکی" (New Geopolitical Reality) بووەتەوە، کە تێیدا هەردوو کۆڵەکە و بنەما سەرەکییەکەی مانەوەی، واتە "بەرپەرچـدانەوەی ئەتۆمـی" و "تـۆڕی بریکـارە هەرێمییەکـان" (کـە بـە ئەڵقـەی ئـاگر ناسـراوە)، دووچـاری

لێکترازان و پاشەکشێی جددی بوونەتەوە. ئیسرائیل توانیویەتی لە ڕێگەی لێدانە سەربازییە ڕاستەوخۆکان و لاوازکردنی سیستەماتیکی گرووپە هاوپەیمانەکانی تاران، ئەو دیوارە ئەمنییە ستراتیژییە بڕووخێنێت کە ئێران بۆ چەندان دەیەیە لە دەوری سنوورەکانی خۆی بونیادی ناوە[18].

لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزانەدا، لوبنان بووەتە گۆڕەپانی سەرەکی بۆ "سەپاندنی هەژموون" (Hegemony Imposition) لەلایەن دوو جەمسەرە هەرێمییە دژبەرەکەوە. ئیسرائیل و ئێران، هەر یەکەیان بە پاساو و دیدگەیەکی جیاواز، کار لەسەر پەکخستنی بنەماکانی "سەروەریی دەوڵەت" (State Sovereignty) لە لوبناندا دەکەن؛ تاران لە ڕێگەی گوشارە سیاسییەکان و "هەژموونی چەک"(Arms Hegemony) ی حزبوڵڵاوە، دەیەوێت لوبنان وەک "دەوڵەتێکی شکستخواردوو" (Failed State) نیشان بدات تاوەکوو بڕیاری سیاسیی باڵا لای خۆی بمێنێتەوە. لە بەرامبەریشدا ئیسرائیل بە پاساوی بنبڕکردنی نفووز و هەژموونی ئێران، تەواوی لوبنان دەخاتە ناو بازنەی "سزادانی بەکۆمەڵ" (Collective Punishment) و تێکدانی سیستەماتیکی ژێرخانە ژیانییەکانی وڵاتەکە.

لە ڕووی سەربازییەوە، ناوەندە شیکارییەکانی ئیسرائیل ئاماژە بەوە دەکەن کە هەر جەنگێکی داهاتوو لەگەڵ حزبوڵڵا وەک "جەنگێکی گشتگیر" (Total War) پۆلێن دەکرێت؛ چونکە بەپێی هەڵسەنگاندنە هەواڵگرییەکان، حزبوڵڵا خاوەنی "بنیاتێکی ژێرزەمینیی زۆر ئاڵۆز "(Underground Infrastructure) ە کە لەژێر ناوچە چڕەکانی نیشتەجێبووندا جێگیر کراوە.

پێشبینی دەکرێت لە هەر پێکدادانێکی نوێدا، ئیسرائیل ڕووبەڕووی "بارانی مووشەکی و درۆن" (Missile and Drone Saturation) ببێتەوە؛ کە ئەمەیش وای کردووە ستراتیژیی سوپای ئیسرائیل بەرەو بەکارهێنانی "گورزی یەکلاکەرەوە" (Decisive Strike) هەنگاو بنێت.

ئەم ململانێیە، لوبنانی خستووەتە ناو "قەیرانێکی بونیادی"(Structural Crisis) ی قووڵەوە؛ لە لایەکەوە حزبوڵڵا بەهۆی "گوشارە داراییە توندەکان" (Financial Constraints) و بێتوانایی لە دابینکردنی پێداویستیی کەمینەکان و ئاوارەکان، تووشی پاشەکشێی جەماوەری بووەتەوە، لە لایەکی ترەوە ئیسرائیل بەپێی "ستراتیژیی جەنگی نێوان جەنگەکان" (War Between Wars Doctrine) گوشارەکانی خۆی چڕ کردووەتەوە و مۆڵەتی کۆتاییی ساڵی ٢٠٢٥، وەک "وادەی یەکلاکەرەوە" (Deadline) دەبینێت بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان بە مەبەستی "داماڵینی چەک بە ڕێگەی هێز" (Forced Disarmament).

لە کۆتاییدا، لوبنان لە نێوان "وەبەرهێنانی ئێران لە لەرزۆکیی دەوڵەت" و "ستراتیژیی توندوتیژانەی ئیسرائیل"دا گیری خواردووە. هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن لوبنان لەبەردەم سیناریۆی "جەنگێکی هەمەلایەنە"(Full-scale War) دایە کە ئامانج لێی، گۆڕینی بنەڕەتیی "هاوسەنگیی هێز" (Balance of Power) ە لە ناوچەکەدا. هاوکات نەتانیاهۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر ڕێککەوتنێک بۆ ئاگربەست لە لوبنان، دەبێت مەرجێکی تێدا بێت کە بە "مافی وەڵامدانەوەی ڕەها" ناسراوە؛ ئەمە بەو مانایەیە کە سوپای ئیسرائیل پێویستی بە ڕەزامەندیی هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی نەبێت بۆ لێدانی هەر بنکەیەکی حزبوڵڵا کە هەوڵی بونیادنانەوەی توانا سەربازییەکانی بدات[19].

له لایەکی دیکەیشەوە، ئامانجی ستراتیژیی نەتانیاهۆ، گۆڕینی سووریایە لە "ناوچەیەکی ترانزێتی ئێرانی"یەوە بۆ "بەربەستێکی ئەمنی" (Security Barrier) کە چیتر ڕێگە نەدات چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتوو لە تارانەوە بگاتە دەستی حزبوڵڵا. ئەم گۆڕانکارییە پێویستیی بە وەرچەرخانێکی ڕادیکاڵ و بنەڕەتی هەیە لە نەخشەی سەربازی و دیپلۆماسیی ناوچەکەدا.

ئیسرائیل دەیەوێت لە ڕێگەی گوشارەکان و هاندانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، حکوومەتی دیمەشق ناچار بکات کە لە بەرامبەر پاراستنی مانەوەی دەسەڵاتەکەیدا، کۆتایی بە هەژموونی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەناو خاکەکەیدا بهێنێت. ئەم هەنگاوە لە ناوەندە سیاسییەکاندا وەک "کودەتایەکی جیۆپۆلیتیکی" (Geopolitical Coup) وەسف دەکرێت، کە تێیدا سووریا لە هاوپەیمانێکی ستراتیژی و مێژوویی ئێرانەوە، دەگۆڕدرێت بۆ ناوچەیەکی بێلایەن؛ ئەمەیش وەک گەورەترین و کوشندەترین گورز بۆ سەر ستراتیژیی "بەرگریی پێشوەختە"ی تاران ئەژمار دەکرێت.[20]

**ستراتیژیی ئێران بۆ ئامادەکاریی جەنگی داهاتوو لەگەڵ ئیسرائیل**

جگە لە هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ دروستکردنی "ناڕوونی و لێڵیی ستراتیژی" (Strategic Ambiguity) لە بواری ئەتۆمیدا بە مەبەستی دەربازبوون لە بنبەستە جیۆپۆلیتیکییەکان، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەموو هەوڵەکانی بۆ "ئامادەکاری بۆ جەنگی داهاتوو" (Preparing for the Next War) خستووەتە گەڕ.[21]

لەم قۆناغەدا، جەختی سەرەکی لەسەر چاککردنەوەی ئەو زیانە بنەڕەتییانەیە کە بەر "ژێرخانی بەرهەمهێنانی مووشەکی" (Missile Production Infrastructure) کەوتوون. تەوەری سەرەکیی ئەم بونیادنانەوەیە بریتییە لە نۆژەنکردنەوەی "تێکەڵکەرە پیشەسازییەکانی سووتەمەنیی ڕەق" (Industrial Solid-Fuel Mixers) کە لە هێرشەکانی پێشوودا کرابوونە ئامانج؛ چونکە ئەم ئامێرانە وەک جومگەی دەماریی "توانای هێرشبەریی مووشەکی" (Offensive Missile Capability) دەبینرێن.

لە ڕووی بەرگرییەوە، ژیاندنەوەی "سیستەمە بەرگرییە ئاسمانییەکان" (Air Defense Systems) بەتایبەت نۆژەنکردنەوەی باترییەکانی S-300 لە پێشینەی کارەکاندایە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر "باڵادەستییەکی ئاسمانی"(Aerial Superiority) ی ئیسرائیل لە داهاتوودا. هاوکات، پرۆسەی "دابەشکردنی ستراتیژیی کۆگەکان" (Strategic Stockpile Distribution) بۆ ناو "سایلۆ قووڵە ژێرزەمینییەکان"(Deep Underground Silos) و تونێلە پارێزراوەکان خێراتر کراوە، تاوەکوو پارێزگاری لە "کۆگۆ مووشەکییەکان" (Missile Stockpiles) بکرێت لە بەرامبەر هەر گورزێکی پێشوەختە کە ئامانجی لێدان بێت لە "ناوەندە ئەتۆمی و پیشەسازییەکان" (Nuclear and Industrial Sites).

لە ڕەهەندی جیۆپۆلیتیکیشدا، تاران خەریکی "ڕێکخستنەوەی جومگەیی بریکارەکان" (Proxies) (Systemic Reorganization) ە لە عێراق، سووریا و لوبنان، بە مەبەستی بونیادنانی "هێڵەکانی بەرگریی پێشوەختە" (Forward Defense Lines).[22]

ئەم هەنگاوانە ئامانجیان گۆڕینی "هاوسەنگیی بەرپەرچدانەوە" (Deterrence Equilibrium)و

سەلماندنی توانای "خۆگونجاندنی سەربازی"(Military Adaptation) ی وڵاتەکەیە لەژێر گوشارە توندەکاندا، تاوەکوو ڕێگری بکرێت لە هەر هێرشێکی کتوپڕ کە قووڵایی خاکی ئێران بکاتە ئامانج[23].

لە لایەکی دیکەیشەوە، لە دوای جەنگی ١٢ ڕۆژە، "بەرەی بەرخۆدان" (Axis of Resistance) کە ئێران ڕێبەرایەتیی دەکات، تەنیا وەک کاردانەوەیەک بۆ زیانەکان نەجووڵایەوە، بەڵکوو دەستی کرد بە پرۆسەیەکی فرە-ڕەهەندی بۆ "خۆگونجاندن و بونیادنانەوەی ژێرخانی" (Adaptation and Structural Reconstitution).

ئەم وەرچەرخانە مێژووییە لەسەر بنەمای گۆڕینی دۆکترینی سەربازی لە "بەرگریی پەرتەوازە"وە بەرەو ستراتیژیی "یەکگرتوویی بەرەکان" (Unification of Fronts) داڕێژرا. کرۆکی ئەم مۆدێلە نوێیە لە کاراکردنی "ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش"(Joint Operations Room) دایە؛ ناوەندێکی فەرماندەیی کە تێیدا ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری لە کاتی ڕاستەقینەدا (Real-time Intelligence Sharing) لە نێوان تاران و هەموو بریکارەکانیدا گەیشتووەتە ئاستی یەکگرتنی تەواو. ئەم بونیادە نوێیە پشت بە مۆدێلی "لامەرکەزییەتی کرداری و یەکگرتوویی ستراتیژی" (Operational Decentralization and Strategic Unity) دەبەستێت؛ بەو مانایەی کە هەر گرووپێک خاوەنی سەربەخۆیی تەواوە لە بڕیاردانی ناوخۆیی و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکاندا، بەڵام هەموویان لە چوارچێوەی "ئامانجە ستراتیژییە گشتگیرەکاندا" (Comprehensive Strategic Objectives) کار دەکەن. ئەم جۆرە لە "ڕێکخستنی تۆڕی" (Networked Organization) وا دەکات کە پەکخستنی یەک بەرە یان لەناوبردنی فەرماندەیەک نەبێتە هۆی هەرەسهێنانی تەواوی سیستەمەکە.

لە ڕووی تەکنیکی و زانستییەوە، گەورەترین وەرچەرخان بریتییە لە "بەناوخۆییکردنی پیشەسازیی سەربازی" (Indigenization of the Military Industry) لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. ستراتیژیی تاران لە "گواستنەوەی چەکی فیزیکی"یەوە، گۆڕاوە بۆ "گواستنەوەی زانست و مەعریفەی تەکنەلۆژی و تەکنیکی (Transfer of Technological Know-how).

ئەم هەنگاوە ڕێگەی داوە بە گرووپەکان کە لەژێر توندترین گەمارۆدا، مووشەکی ورد (Precision-guided Missiles) و نەوەی نوێی "درۆنە خۆکوژەکان" (Kamikaze Drones) بەرهەم بهێنن. ئەم توانایە "تێچووی ئۆپەراسیۆنی" (Operational Cost)ی بۆ نەیارەکان بە شێوەیەکی خەیاڵی بەرز کردووەتەوە، چونکە سەرچاوەی هەڕەشەکە چیتر تەنیا لە یەک جوگرافیای دیاریکراودا نییە، بەڵکوو وەک تۆڕێکی پەرشوبڵاوی بەرهەمهێنان وایە کە لەناو جەرگەی ناوچە نیشتەجێبووەکان و قووڵایی زەویدا جێگیر کراوە.

ئەم دۆخی "دووبارە خۆبونیادنانەوەیە" (Reconstitution) ئامانجی کۆتاییی دروستکردنی "بەرپەرچدانەوەی فرە-ڕەهەندییە" (Multi-dimensional Deterrence). بە کاراکردنی ئەم تەوەرە لە دەریای ناوەڕاستەوە تا دەریای سوور، "قووڵایی ستراتیژی" (Strategic Depth)ی نوێی تاران وا دەکات هەر ململانێیەکی داهاتوو ببێتە "جەنگی فرە-بەرەیی" (Multi-Front War). ئەم ستراتیژییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر گوشارێکی سەربازی بۆ سەر تاران، کاردانەوەیەکی زنجیرەیی و هاوکاتی لێ بکەوێتەوە کە تەواوی بەرژەوەندییەکانی نەیار لە ناوچەکەدا بخاتە مەترسییەوە[24].

ئامانجی کۆتایی ئێران ئەوەیە نەزمێکی ئەمنیی نوێ دابڕێژێت کە تێیدا ئەکتەرەکانی ناو "بەرەی بەرخۆدان" وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی خاوەن توانای سوپایەکی مۆدێرن و تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

لێرەدایە کە کێشە و گرفت بۆ کورد بەگشتی و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان وەکوو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی دێتە ئاراوە و هاوکێشە جیۆسیاسییەکان بەرەو گۆڕانکاری دەبات.

**کۆبەند**

ڕاستییەکەی، بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠٢٥ کە دەربڕی گۆڕانکاریی قووڵە لە سیاسەت و تێڕوانینی ئیدارەی ترەمپ بۆ پرس، ئەکتەرەکان و پۆلینکردنی ناوچەکان و ئەولەوییەتی مەترسییە ئاسایشییەکان، دەتوانێت ببێتە هۆکاری ناچارکردنی ئۆکراینا و ئەورووپا بە کۆتاییهێنان بە جەنگ لەگەڵ ڕووسیا و، ئەمەیش دەتوانێت نەزمی نێودەوڵەتی بەرەو گۆڕانکاریی پێکهاتەیی ببات. لە هەمان کاتیشدا هەر ئەمە دەتوانێت وا بکات کە گەڕێکی نوێ و توندی پێکدادان و جەنگی چاوەڕوانکراوی ئێران و ئیسرائیل ببێتە هۆکاری هاتنەئارای هاوکێشەی جیۆپۆلیتیکی و ئاسایشی کە دەتوانێت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کورد بەگشتی و سووریا و هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی هەبێت.

لێکۆڵینەوە و زانیارییەکان ئەو گریمانەیە بەهێز دەکەن کە ئەم جارە شێواز و ئاست و قەبارەی پێکدادانەکە ئەکتەر و ناوچەکانی دیکەیش دەگرێتەوە و، عێراق یەکێک دەبێت لەو زۆن و ئەکتەرانە کە بە ئەگەری زۆرەوە لەو جەنگەوە تێوە بگلێت. چونکە ڕووداوەکانی جەنگی ١٢ ڕۆژە دەری خست کە ئەگەر ئێران لە ستراتیژیی دروستکردنی "ئاڵقەی ئاگر" بە دەوری ئیسرائیلدا شکست بخوات یاخود پرۆکسییەکانی وەکوو سەرمایەیەکی ستراتیژیی ئەمنی، لاواز و ناکاریگەر بن و ئەمریکا نەتوانێت ڕێککەوتن لەبارەی مەترسییەکانی مووشەکیی ئێران بکات، ئەوە مووشەک دەبێتە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل و، هەر ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیسرائیل جەنگ بباتە ناوخۆی ئێران.

لەم نێوەندەیشدا، هەرێمی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافی و ناسنامەکەیییەوە، بەشێکە لە لقی کۆمەڵە ئاسایشییە هەرێمایەتییەکە. بەم پێیەیش ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم ئەکتەرانەدا کارێکی قورس و ئەستەمە، چونکە لە ناوخۆی عێراقیش مانەوەی بەشێک لە ئەکتەرە نادەوڵەتە میلیشیایی ـ سیاسییەکانی لایەنگری ئێران، پەیوەستە بە بەردەوامیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

[1] – https://www.atlanticcouncil.org/dispatches/the-middle-east-is-on-the-brink-of-a-new-crisis-heres-where-it-could-start/

[2] – https://www.whitehouse.gov/presidential-actions/2025/12/america-250-presidenti

al-message-on-the-anniversary-of-the-monroe-doctrine/

[3] – https://www.rusi.org/explore-our-research/publications/commentary/trump-corollary-monroe-doctrine-crisis-or-opportunity

[4] – https://www.civitasinstitute.org/research/the-trump-national-security-strategy-is-good-bad-and-ugly-all-at-once

[5] – https://media.defense.gov/2025/Dec/23/2003849070/-1/-1/1/ANNUAL-REPORT-TO-CONGRESS-MILITARY-AND-SECURITY-DEVELOPMENTS-INVOLVING-THE-PEOPLES-REPUBLIC-OF-CHINA-2025.PDF

[6] – https://warontherocks.com/2025/12/weak-in-battle-dangerous-in-resistance-venezuelas-military-preparedness-and-possible-responses-to-u-s-action/

[7] – https://moderndiplomacy.eu/2025/12/22/is-russia-preparing-to-defend-venezuela-from-the-u-s/

[8] – https://foreignpolicy.com/2025/12/19/europe-looks-beyond-the-united-states/

[9] – https://moderndiplomacy.eu/2025/12/22/is-the-eu-preparing-to-challenge-u-s-ambitions-in-the-arctic/

[10] – https://themedialine.org/top-stories/why-do-israel-and-the-united-states-see-the-iran-threat-on-different-strategic-timelines/

[11] – https://www.israelhayom.com/2025/12/21/will-washington-align-with-jerusalem/

[12] – https://news.az/news/-israel-prepares-for-a-direct-strike-on-iran-what-comes-next

[13] –

https://thesabrinabanks.co.uk/iran-israel-news-understanding-a-conflict-that-shapes-the-middle-east-and-the-world/

[14] – https://smallwarsjournal.com/2025/12/21/is-israeli-maritime-nuclear-supremacy/

[15] – https://www.jpost.com/israel-news/defense-news/article-880714

[16] – https://www.voiceofemirates.com/en/politics/2025/12/21/a-us-expert-warns-of-a-potential-escalation-between-israel-and-iran-amid-the-rebuilding-of-iranian-missile-capabilities/

[17] – https://caliber.az/en/post/iran-vs-israel-between-peace-and-war

[18] – https://aijac.org.au/australia-israel-review/a-historic-crossroads-for-iran/

[19] – https://www.almodon.com/opinion/2025/12/20/قراءة-إسرائيلية-في-جولة-الحرب-المقبلة

[20] – https://www.almodon.com/politics/2025/12/23/معاريف-إسرائيل-تنتظر-قرارات-من-قمة-فلوريدا-حول-لبنان-وإيران

[21] – https://news.az/news/-israel-and-iran-a-new-round-of-confrontation

[22] – https://www.israelhayom.com/2025/12/20/iran-is-already-preparing-for-the-next-war-with-israel/

[23] – https://www.jpost.com/middle-east/article-881067

[24] – https://mei.edu/publications/irans-axis-resistance-after-12-day-war-adaptation-restructuring-and-reconstitution